# دادگایی ٩ لە چالاکوانەکانی بادینان

**دادگاکانی هەرێمی کوردستان چالاکوانەکانی بادینان بەوە تۆمەتبار دەکەن کە سیخوڕیان بۆ وڵاتانی بیانی کردووە.**



**ڕاپۆرتی تیمی کوردستانی عێراقی (CPT)سەبارەت بە دانیشتنی دادگاییکردنەکانی ١٢ و ١٣ ی تەمووزی ٢٠٢١ کە بۆ دادگاییکردنی چالاکوانەکانی بادینان ئەنجام درابوو**

**شێروان تەها، سلێمان موسا، جەمال خەلیل، کارگەر عەباس، بەندەوار ئەیوب، مەسعود عەلی، سلێمان کەمال، عامر خالید و فرسەت ئەحمەد**

Suleimani, Iraqi Kurdistan ● cptiraq@cpt.org ● tel: (+964) (0) 770 291 6487
www.facebook.com/cpt.ik ● www.cptik.org

## پوختە:

لە ڕێکەوتی ١٢ و ١٣ تەمموز ٢٠٢١، دوو دانیشتنی دادگا بەڕێوەچوو تایبەت بە چالاکوانانی بادینان: مەسعود عەلی، شێروان تەها،کارگەر عەباس، بەندەوار ئەیوب، سلیمان کەمال، سلێمان موسا، فرسەت ئەحمد، جەمال خەلیل و عامر خالید. هەریەک لە ٩ زیندانی کراوەکان لەلایەن هێزەکانی ئاسایش دەستبەسەرکران لە درێژەی هەوڵەکان بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادی ڕادەربڕین لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە ساڵی (٢٠٢٠). زیندانیەکان بۆ ماوەی نزیکەی یەک ساڵ چاوەڕێی دادگایی کردن بوون.

لە دوایین دادگایی لە مانگی تەمووز، زیندانی کراوانی بادینان بەوە تاوانبار کران کە ئاسایشی ناوخۆیان خستۆتە مەترسییەوە هەروەها کاری سیخوریان ئەنجام داوە بە هۆی ئەوەی کە پەیوەندیان لەگەڵ کونسوڵخانەکانی ئەمریکا، ئەڵمانیا، فەرەنسا، نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە بەغداد، هەروەها حکومەتی عێراقی فیدراڵدا هەبووە. ئەندامانی تیمی کوردستانی عێراقی (CPT) چاودێری ئەو دادگاییانەی کردووە، هەردوکیان بۆ مانگی ئەیلول دواخراون.

تیمی کوردستانی عێراقی (CPT) زۆرنیگەرانە سەبارەت بە هەردوو پرۆسەی دادگایی کردنەکە، بە هۆی ئەوەی تا ئێستا هیچ جۆرە بەڵگەیەکی باوەڕپێکراو نەخراوەتە ڕوو کە پاڵپشتبن بۆ ئەو تۆمەتانەی دراوەتە پاڵ (٩) زیندانیکراوەکانی بادینان. هەموو ئەو بەڵگانەی کە تا ئێستا لە دژی چالاکوانەکان بەکارهاتوون بە پشت بەستن بە گەواهی دانی گەواهیدەرێکی نەناسراو بووە کە لە هیچ کام لە دانیشتنەکانی دادگادا ئامادەنەبووە. تا ئیستا هیچ بەڵگەیەک بەردەست نیە کە بیسەلمێنێت ئەو گەواهیدەرە بوونی هەیە یاخود ئەو گەواهیدەرە هەریەک لە (٩) زیندانیکراوەکەی بادینان دەناسێت. سەرەڕای کەمی بەڵگەی بەردەست لە لایەن ئەو گەواهیدەرە نەناسراوەوە، جێگەی نیگەرانیە کە تۆمەتبارکراوەکان تۆمەتی سیخوڕی کردنیان بدرێتە پاڵ بەهۆی ئەنجامدانی کۆبونەوەیان لەگەڵ کونسولخانەکان و نێردەی وڵاتان. هەر لە سەرتاوە زیندانیان ڕێگەیان پێنەدراوە کە پاریزەری یاساییان هەبێت، ئەمەش وایکردووە کە نەتوانن بەڵگەی پیویست بخەنە بەردەست بۆ بەرگریکردن لە خۆیان.

دادگاییەکانی ئەم دواییانە بەشێکن لە هەوڵێکی بەرفراوانتر بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادی ڕادەربڕین کە لە لایەن پارتی دیموکراتی کورستانەوە ئەنجام دەدرێت لە کوردستانی عێراق. لە ئابی ٢٠٢٠ەوە، نزیکەی (٧٦) ڕۆژنامەوان، چالاکی مەدەنی و مامۆستا لە سنوری بادینان دەستگیرکراون لە لایەن هێزەکانی ئاسایشەوە و لە هەولێر زیندانی کراون. شێروان شێروانی، گوهدار زێباری، ئەیاز کرم، شڤان سەعید و هاریوان عیسا یەکێک بوون لەوانەی کە هەر لە زوێکەوە کەوتنە بەر لێشاوی ئەم سەرکوتکردنە، هەموو ئەوانە بە سیخوڕیکردن و تێکدانی سەقامگیری و ئاسایشی ناوخۆ تۆمەتبارکران لە (١٦ی شوبات). ئەم (٥) ڕۆژنامە نووس و چالاکوانی مافە مەدەنییەکان تۆمەتبارکران بە سیخوڕی کردن بەهۆی گفتوگۆکردنیان لەگەڵ نوێنەری گشتی کونسوڵخانەی ئەمریکا، نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان[1]. ئێستا بە هەمان شێوە (٩) زیندانیکراوەکەی بادینان هەمان تۆمەتی سیخوڕیکردن بۆکونسوڵخانە نێودەڵەتییەکان و دەزگا حکومییەکانیان دراوەتە پاڵ.

ئەم ڕاپۆرتە کۆنوسی دانیشتنی دادگاییەکان دەخاتەڕوو لەگەڵ ڕیزبەندی کاتی بەڕێوەچونی دانیشتنەکان

[1] تۆمەتی سیخوڕیکردن بۆ کونسوڵخانەی ئەمریکا ڕەتکرایەوە دوا بەدوای پێداچونەوە بە دۆسیەکەیان لە دادگای پێداچونەوەی هەولێر لە ٢٦-٦-٢٠٢١، بەڵام هێشتا دادگا سورە لەسەر ئەوەی کە تاوانی سیخوڕیکردن لەسەر زیندانی کراوان بهێڵێتەوە بەبێ ئەوەی دەستنیشانی بکات سیخوڕییەکە بۆ کێ کراوە.

## کۆنوسی دانیشتنی دادگاکان

## دادگای تاوانی هەولێر، ١٢ی تەمموزی ٢٠٢١.

**دادگایی مەسعود عەلی، شێروان تەها، کارگەر عەباس و بەندەوار ئەیوب.**

## تۆمەتەکان:

- پلان دانان بۆ هێرشکردنە سەر بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان و هەروەها چاندنی بۆمب لە ناو ئۆتۆمبێلی کوڕی سەرۆکی حکومەت، ئارین بارزانی.
- دروستکردنی پارتێکی سیاسی بەیەکەوە بە ناوی " حركة المستقبل" بەبێ ڕێگەپێدان.
- دەست تێکەڵکردن لەگەڵ کونسوڵخانەکانی ئەمریکا، ئەڵمانیا، فەرەنسا، نێردەی یەکێتی ئەوروپا لە بەغداد، هەروەها حکومەتی فیدراڵی عێراق. لە پێناو کۆکردنەوەی پشتگیری لە دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان و " گواستنەوەی خۆپیشاندانەکانی بەغداد بۆ کوردستان."
- بوون بە بەشێک لە گروپە سیاسییەکەی بەرهەم صالح[2] " هاوپەیمانی دیموکراسی و دادپەروەری" هەروەها کارکردن بۆ سەرۆکی حکومەتی عێراق "مصطفى الكاضمي".
- دروستکردنی گروپێکی چەکداری بەیەکەوە، هەروەها پلاندانان بۆ تێکدانی سەقامگیری کوردستان و ئەنجامدانی کاری گێرەشێوێنی.

## ئەو بەڵگانەی کە دەزگای ئاسایش خستونیەتی ڕوو:

- **گەواهیدەر:** سلێمان کەمال، سلێمان موسا، فرسەت ئەحمەد، جەمال خەلیل و عامر خالید. ئەوان هەموویان یەکێک یان زیاتریان لە تۆمەتبارەکان ناسیوە، بەڵام ڕەتیان کردەوە کە پلانی ئەوەیان هەبوبێت هێز و چەک بەکاربهێنن بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و پێگەی حکومەت لاواز بکەن.
- گەواهیدەرێکی نهێنی نەناسراو بە ژمارە (٣٣) ( کە لە دادگادا ئامادەنەبوو بۆ گەواهیدان) ڕایگەیاندووە کە گوایە ئەو بەشێک بووە لەو گروپە لەگەڵ ئەم کەسانە کە پلانی تیرۆرکردنی پارێزگاری پێشووی دهۆکیان داناوە و ویستویانە بۆمبی چێنراویان لەناو ئۆتۆمبێلەکەی ئارین بارزانی دابنێن.
- هەبوونی گروپێکی (واتس ئەپ) کە هەریەک لە (٩) زیندانی کراوەکە تێیدا ئەندام بوون و لەو گروپە پلانی گروپە سیاسییەکەیان ڕاگەیاندووە.
- تۆمارێکی دەنگی مسعود علی، کە گوایە باسی بەکارهێنانی چەک دەکات بۆ دروستکردنی پشێوی لەناو هەرێمی کوردستان و بەکارهێنانی کونسوڵخانەکانی ئەڵمانیا، فەرەنسا و نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەوەی هاوکارییان بکەن وڵات جێ بهێڵن. هەروەها ئاماژە بەوەش دراوە کە تۆمارەکە وردەکاری پلانی تیرۆرکردنی پارێزگاری پێشووی دهۆک و کوڕەکەی سەرۆکی حکومەت لەخۆ دەگرێت.

**دەرئەنجام:** دادوەر ڕایگەیاند کە ئەوان زۆر هیلاک بوون و ناتوانن بەردەوام بن بۆیە  دانیشتنەکەیان دواخست. دواتر ڕاگەیاندرا کە دانیشتنەکە بۆ ٦ی ئەیلولی ٢٠٢١ دواخراوە.

## دادگای تاوانی هەولێر، ١٣-٧-٢٠٢١

[2] سەرۆک کۆماری ئێستای عێراق، پێش بوونی بە سەرۆک کۆمار ئەم پارتە سیاسییەی دروست کرد و دوابەدوای ئەوە ڕاستەوخۆ هەڵیوەشاندەوە.

دادگایی سلێمان کەمال، سلێمان موسا، فرسەت ئەحمەد، جەمال خەلیل و عامر خالید.

**تۆمەتەکان:** تۆمەتەکان هەمان ئەو تۆمەتانە بوون کە لە دادگایی مەسعود عەلی، شێروان تەها، کارگەر عەباس و بەندەوار ئەیوب باسکران.

سەرباری ئەو تۆمەتانەی کە پێشتر باسکرابوون، مەسعود عەلی تۆمەتی ئەوەی دراوەتە پاڵ کە گوایە هەوڵی داوە بەیاننامەیەک لە دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕابگەیەنێت بەهۆی بۆردومانەکانی تورکیا بۆ سەر سنورەکانی هەرێم. فرسەت ئەحمد و سلێمان کەمال تۆمەتبار کراون بە هەوڵی ئەنجامدانی خۆپیشاندان لە ئاکرێ دژی بۆردومانەکانی تورکیا.

بەڵگەی پێشکەشکراو لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایش: هەمان بەڵگەکانی دادگایی مەسعود عەلی، شێروان تەها، کارگەر عەباس و بەندەوار ئەیوب پێشکەش بە دانیشتنی دادگاکەی ئەمان کرا.

- گەواهیدەر: مەسعود عەلی، شێروان تەها، کارگەر عەباس و بەندەوار ئەیوب، ئەوان هەموویان یەکێک یان زیاتریان لە تۆمەتبارەکان ناسیوە، بەڵام ڕەتیان کردەوە کە پلانی ئەوەیان هەبوبێت هێز و چەک بەکاربهێن بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و پێگەی حکومەت لاواز بکەن.

**دەرئەنجام:** دادوەرەکان دادگاییەکەیان وەستاند و دواخستنی دادگاکەیان بۆ ڕێکەوتی ٢٠ی ئەیلولی ٢٠٢١ ڕاگەیاند.

## بارودۆخی دەستبەسەرکراوەکان

**دوو لە تۆمەتبارکراوەکان ڕازی نەبوون پارێزەریان هەبێت بۆ ئەوەی نوێنەرایەتیان بکات لە دادگا. ئەندامی خێزانی یەکێک لە تۆمەتبارەکان بە تیمی کوردستانی عێراقی (CPT) ڕاگەیاند کە گوایە تۆمەتبارەکان ترسێنراون و گێچەڵیان پێکراوە لە لایەن هێزەکانی ئاسایش بۆ ئەوەی پارێزەر نەگرن و نەبێتە نوێنەری یاسایی ئەوان. پارێزەری تۆمەتبارەکان ڕێگەیەیان پێنەدراوە کە پەیوەندی بکەن بە بریگرتەکانیان. بەهۆی ڕێگری کردن لە پەیوەندیکردن بە پارێزەرەکانیانەوە، تۆمەتبارەکان نەیان توانیوە هیچ بەڵگەیەک بخەنە بەردەست بۆ بەرگری کردن لە خۆیان. یەکێک لە تۆمەتبارکراوەکان باس لەوە دەکات کە گوایە ئەگەر دان بەو تاوانانەیا نەنێت کە دراوەتە پاڵی هەڕەشەی دەستدرێژی کردنە سەر هاوسەرەکەی لێکراوە.**

**ئەندامانی خێزانەکان بەشێوەیەکی سنوردارکراو دەتوانن ئەزیزەکانیان لە زیندان ببینن- هەندێک لە ئەوان لە ساتی دەستبەسەرکردنیانەوە تەنها یەک جار توانیویانە خێزانەکانیان ببینن. ئەندامانی خێزانەکانیان نیگەرانی تەندروستی ئەزیزانیانن لە زیندان.**

خێزانی سلێمان کەمال بە تیمی کوردستانی عێراقی (CPT)یان ڕاگەیاند کە لەوکاتەوەی (سلێمان) لە زیندانە جەستەی زۆر لاواز بووە- تەنانەت سلێمان خۆشی باسی لەوە کرد کە خواردنی باشی پێنەدراوە لە زیندان. تیمی کوردستانی عێراقی (CPT) لە دانیشتنی دادگاکە هەستی بەوە کرد کە هەموو تۆمەتبارکراوەکان لاواز بوو بوون و جەستەیان هاوشێوەی بەدخۆراکێک دەردەکەوت لەو کاتەوەی دەستبەسەرکراون لە زیندانی ئاسایش.

## ئەنجامی کۆتایی

لە مانگی ئایاری ٢٠٢٠ەوە، هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەرتەسک کردنەوەی ئازادی ڕادەربڕین و دەستبەسەرکردنی چەندین چالاکوانی مەدەنی و ڕۆژنامەنوس کە ڕەخنەیان لە حکومەت گرتبوو. (٩) زیندانیکراوەکانی بادینان لە ١٢ و ١٣ی تەمموز دادگایی کران بەهۆی تێوەگلانیان لە هەڵمەتی ڕەخنەگرتن و نارەزایی دەربڕینی شەقام. هەموو چالاکوانەکان تۆمەتبارکران بە تاوانی ئەوەی کە ئاسایشی نەتەوەییان خستۆتە مەترسیەوە، پلاندانان بۆ ئەنجامدانی هێرشی چەکداری، تیرۆرکردن و سیخوڕی کردن بۆ کونسوڵخانە نێودەوڵەتییەکان و نێردەی وڵاتان. تۆمەتباران هەموو ئەو تۆمەتانەیان ڕەتکردەوە. ئەم تۆمەتانە هەموویان بە پشت بەستن بە گەواهیدانی کەسێکە کە لە هیچ کام لە دانیشتنەکانی دادگا ئامادەنەبووە.

تیمی کوردستانی عێراقی (CPT) پێی وایە دۆسییەی (٩) زیندانیکراوەکانی بادینان پاڵنەری سیاسی لە پشتە، چونکە پارتی دیموکراتی کوردستان هەوڵ دەدات هەموو ئەوانە سزا بدات کە ڕەخنە لە گەندەڵییەکانی حکومەت دەگرن و لە دانیستنی دادگاکان پەردەپۆشی دەکات بە بەڵگەی ناتەواو و ساختە.

سەرباری ئەمەش، خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ زیندانیان و خێزانەکانیان و بەرگەگرتنیان لە ماوەی ئەم پرۆسە یاساییە نیازی حکومەت بەدیار دەخات بۆ ڕێگریکردن و پوکاندنەوەی چالاکییەکانی چالاکە مەدەنیەکانە لە کوردستانی عێراق.

ئەوەی کە زۆر جێگەی نیگەرانییە ئەوەیە کە تا ئێستاش ڕۆژنامەنوس و چالاکوانانی بواری مافەکانی مرۆڤ لە سنوری بادینان تۆمەتی سیخوڕیکردن بۆ نێردەی وڵاتانی بیانی دەدریتە پاڵ. ئەم تۆمەتبارکردنە بەردەوامانە لە دژی چالاکوان و ڕۆژنامەنوسانی بادینان لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایش لە دادگا پێشهاتێکی مەترسیدارە بۆ ئەندامانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستانی عێراق هەروەها بۆ کونسوڵخانەکانیش، چونکە ئەوانیش لە کاری سیخوڕیکردن بەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە تێوەگلاون.

دۆسیەی (٩) زیندانیەکەی بادینان و خێزانەکانیان زۆر جێگەی نیگەرانیە بۆ هەرێمی کوردستان. ئازادی ڕادەربڕین، بەو شێوەیەی کە لە ئێستادا بوونی هەیە، لەژێر بەزەیی دادگاکاندایە لە کوردستانی عێراق. سزادانی هەریەکێک لە (٩) چالاکوانەکانی بادینان پێشهاتێک دێنێتە کایەوە لە هەرێمی کوردستانی عێراق کە تیایدا ئازادی ڕادەربڕین وەک تاوان هەژمار دەکرێت و زیاتر تواناکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لاواز دەکرێن.

## پێشنیازەکان

تیمی کوردستانی عێراقی (CPT) ئەم پێشنیازانەی خوارەوەی خستۆتەڕوو:

- دەست بەجێ ئازادکردنی مەسعود عەلی، شێروان تەها، کارگەر عەباس، بەندەوار ئەیوب، سلێمان کەمال، سلێمان موسا، فرسەت ئەحمەد، جەمال خەلیل و عامر خالید بەهۆی نەوونی بەڵگەی پێویست دژیان وەک لەم ڕاپۆرتەدا ئاماژەی پێکراوە.

- ئامادەبوونی وڵاتانی بیانی و ڕێکخراوەکان بۆ چاودێری کردنی دانیشتنی دادگایی کردنی داهاتووی زیندانیان، لە ڕێکەوتی ٦ و ٢٠ی ئەیلولی ٢٠٢١.
- فشارکردن لە لایەن کونسولە گشتیەکانی ناو هەرێمی کوردستان و نێردەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لە پێناو ئازادکردنی ڕۆژنامەنوسان و چالاکوانانی بادینان و نیشاندانی نارەزایی سەبارەت بەو هەرەشانەی کە دژی ئەو کەسانە دەکرێت کە دژی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ دێنە دەنگ.
- ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم ڕێگە بدات کە خێزانەکان و ڕێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤ و پارێزەری دەستگیرکراوان بە شێوەیەکی بەردەوام سەردانی زیندانیان بکەن و پەیوەندی تەلەفۆنیان لەگەڵ بگرن.

## تۆماری دادگاییکردنی چالاکوانەکانی بادینان

